دوای پێشنیاری نەوەیەکی شێخ مەحموود...

خەبات سەرنجی چەند کەسێک وەردەگرێت سەبارەت بە دیاریکردنی رۆژێک بۆ یادکردنەوەی شێخ مەحموود

ساسان دەرویش-هۆڵەندا

چەند رۆژێک لەمەوبەر لە لایەن نەوەی شێخی نەمر، بەڕێز مەحموود حەفید زادە لە تۆڕیی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک سەرنجێکی خستۆتە روو و تێیدا دەڵێت: جێگەی پرسیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان، رۆژێکی بە فەرمی تەرخان نەکردووە لە ساڵێکدا بۆ یادکردنەوەی شێخ مەحموود؟ هەروەها لە درێژەی وتەکانیشی دەشڵێت، شێخ مەحموودی حەفید، لە مێژوویی خەباتی شۆڕشگێڕی و کوردایەتییدا سێجار لە سێ رێککەوت و قۆناغی جیاوازدا دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستانی بە رووی جیهاندا راگەیاند، بۆ یەکەمجار لە مێژوویی هاوچەرخدا ئاڵای سەربەخۆیی کوردستانی بەرزکردەوە و دامەزراوەیی دەوڵەتی بوونیادنا و سوپای کوردستانی بە شێوازی ئەکادیمی سەربازی رێکخست، پەرەی بە بواری پەروەردە و رۆژنامەگەریدا، زمانی کوردی بە فەرمی کردە بە رنامەی خوێندن لە قوتابخانەکان و دام و دەزگاکانی دەوڵەت، لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا داوایکرد هەرچی ماڵ و داهات و سەروەتی بنەماڵەکەی هەیە بخرێتە سەر گەنجینەی دەوڵەت و مووچەکەی رەتکردەوە. بۆ ئەم مەبەستە بۆچوونی چەند کەسێکمان بۆ خەبات وەرگرت.

خوێندەوارێکی بە سەلیقە و شاعیرێکی بەهرەدار بوو

کەسایەتی ناسراو ئەندازیار عومەر شەفیق لە ناشڤیل- ئەمەریکا لەوبارەیەوە گوتی: یادکردنەوە و بەرز راگرتنی خەبات و تێکۆشانی سەرکردە و رێبەرانی کورد نمونەی شێخ مەحموودی نەمر، پێشەوا قازی محەمەد ، بارزانیی نەمر کە دەورێکی پرشنگداریان هەبووە لە مێژووی نەتەوەکەماندا ئەرکێکی نیشتیمانی و وەفادارێکی رەوشتی ویژدانییە بەرامبەریان، بۆیە هاورام لەگەڵ بۆ چونەکەی بەرێز مەحموود حەفید زادە و جێی خۆیەتی کە رۆژێک دیاری بکرێت بۆ یادکردنەوەی خەبات و تێکۆشانی رێبەرێکی تێکۆشەر و دیاری مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و دامەزرێنەری یەکەمین حکوومەتی کوردستان و قارەمانی شەڕی دەربەندی بازیان شێخ مەحموودی نەمر، ئەم گەورە پیاوەی کورد جگە لەوەی کە جێ پەنجەی بەسەر هەموو رووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و عێراقەوە هەبووە، کەسایەتێکی ئاینی و پراوپڕ لە هەستی نەتەوەیی و جەنگاوەرێکی ئازا و خوێندەوارێکی بە سەلیقە و شاعیرێکی بەهرەداریش بووە.

پێشنیاری دیاریکردنی رۆژێک بۆ شێخ مەحموود

پاشان روناکبیر و مێژوناس مامۆستا سالار قەراخی لە هۆڵەندا لەوبارەیەوە گوتی: پشتگیریەکی گەرم لە پێشنیارە رەواکەی نەوەی مەلیک مەحموودی نەمر کاکە مەحموود حەفید زادە ئەکەم بۆ دانانی رۆژێکی تایبەت بۆ مەلیک مەحموودی نەمر، ئەوەی جێگای داخە زۆربەی نەوەی نوێ و خەڵکی ناوچەکانی دەرەوەی سلێمانی و شارباژێر و گەرمیان و قەرەداخ و پێنجوێن و هەورامان نەبێت کە جێگەی دەسەڵات و شۆڕشەکانی مەلیک مەحموودی نەمر بوون بەپێچەوانەوە هەندێک خەڵکی ناوچەکانی تری کوردستان زۆر کەم ئاشنان بە مێژووی پڕ سەروەری ئەم کەڵە پیاوە و هاوڵەکانی بەش بەحاڵی خۆم لە رۆژنامەی خەباتدا هەوڵێکی بچکۆلەم داوە و دوانزە ساڵیک لەمەوبەر لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی پاڵتاک سیمینارێکی بەرفراوانم پێشکەشکرد هەروەها لە تۆڕی فەیسبووک بەردەوام روونکردنەوەم داوە لەسەر ژیانی مەلیک مەحموود و رووداوە گرنگەکانم باسکردووە و ئێستاش ئامادەم هەر بەردەوامم دووبارە و چەندبارەی بکەمەوە بۆ ئەو بەرێزانەی کە خوازیارن زانیاری چڕ وپڕ لە سەرتاقە مەلیکەکەمان وەربگرن، بۆیە ئەگەر رۆژێک لە ساڵێکدا بۆ مەلیک مەحمود دابنرێت ئەو هەڵە ئەرەخسێت کە شیکاری و باسی گرنگی نوێ سەر ئاوبکەون و خەڵکیش بەپەرۆشن بۆ ئەو زانیاریبە مێژوویی و گرنگانە، مەلیک مەحمود زۆر کەم لە لایەن هۆزەکانی کوردستانەوە پشتگیری کراوە، تەنانەت هەندێکیان دەستیان لەگەڵ ئینگلیز و حکوومەتی عێراقدا هەبووە دژ بە شێخ و شۆڕشەکەی بوون و لە لایەن دوژمنانی کوردەوە کرابوون، بۆیە پێویستە بە وردی لە مێژووی کۆن و نوێمان ئاگادار بین و سوود لە لاوازی و رووداوەکانی وەربگرین، هەر بۆیە داوای رۆژێک لە ساڵێکدا بۆ مێژووی شۆڕشەکان و حوکمدارییەکەی شێخ مەحموودی نەمر دەکەین هەتا دەرس و عیبرەتی لێ وەربگرین.

دەبوا ئێستا چەندان مۆزەخانە بۆ سەرکردە مێژووییەکانی کورد دروست بکرابایە

لەتیف عومەری شاعیر و نووسەر لە هۆڵەندا لەوبارەیەوە گوتی، بە فەرمی بوونی رۆژێک بۆ یادی دەوڵەتەکەی شێخ و کابینەکەی حکوومەتی کوردستان و مەلیکەکەی شێخی نەمر؟ ئایا ئەمە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری ئەوێ کە نەتوانرێت وەک ئەوەی رۆژێک بۆ جلی کوردی هەیە، رۆژێکیش بە فەرمی بۆ یادی حکوومەتی کوردی شێخ نەبێت، خۆ ئەو حکوومەتە سەرەتای هەنگاوەکان بووە بۆ دەوڵەتی کوردی، خۆ بەرهەمی شۆڕش و شۆڕشگێرانی کورد بووە، لەژێر ئالای کوردستان بووە و وەزارەتەکانی کوردی و کوردستانی بوون، لێرەوە دەنگم ئەخەمە پاڵ دەنگی کاک مەحموود، بەڵکو چەندەها شۆڕشگێڕ و سەرکردەی شۆڕشەکانی کورد ئەشێ لە چەند لاپەڕەیەکی مێژوو ناویان هاتبێت بەڵام تا ئێستا بەبێ پرۆژەبوون و ماونەتەوە و نەکراونەتە پرۆژەیەک بۆ مانەوەیان لە نێو رۆڵەکانی، دەبوایە ئێستا مۆزەخانەیەکیان هەبوایە، تایبەت بەپاراستنی هەموو ئەو جل و بەرگانەی سەرکردەکانی کورد لە شۆڕشەکانی پێش و سەردەمی خۆیان پۆشیویانە و کەلتوری ناوچەکە و جێگا و شوێنی شۆڕشەکان، وەک شێخ ئەحمەدی بارزان و شێخ مەحمودی نەمر و مەلا مستەفا بارزانیی نەمر و قازی پێشەوا و شێخ سەعیدی پیران و سەید رەزای دەرسیم و سمکۆ خانی شکاک و چەندین قارەمانی تر، دەبوایە کەرەسەکانیان نەفەوتایە و لەبەردەم و ناوەوەی مۆزەخانەیەکی نیشتیمانیدا بپارێزرانایە.

مێژووی پڕشنگداری نەتەوەیی خۆمان فەرامۆشکردووە

لە کۆتاییشدا هونەرمەند فەرەیدون قادر، لە ئەڵمانیا لەوبارەیەوە گوتی: کەم و زۆر مێژووی پڕشنگداری نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆمان فەرامۆش کردووە و هۆکارەکەشی بۆ چەندین ساڵەی ململانێی کورد لە نێو خۆیی و دوژمنانی داگیرکەری کوردستان دەگەڕێتەوە، بەڵام دەکرا لە دوای نیمچە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و بوونی پەرلەمانێک و حکومەتێک چاوێک بە مێژوودا بگێڕدرایەتەوە وبخرایەتە بەردەستی نەوەی نوێ کە بزانن کورد بە چەند قۆناغی خەبات و تێکۆشان و سەختی ژیان و دەریایەک خوێن و شەهید گەیشتۆتە ئەم کەنارەی کە بە ئارامی و ئازادی و دیموکراسی گوزەری تێدا دەکەن، هەر لە کردنەوەی چەندین مۆزەخانەی گەورەی نیشتمانی و بوونی پەیکەریان لە برۆنز و یەکخستنی مێژوویەکی پاک و بێگەرد، دوور لە دەستی چەواشکاری و شێواندنی بە چەندین زمان، هەموو رووداو و کارەسات و شۆڕشەکانی لە خۆبگرتایە بە چەندەها وێنەی ئەرشیفی، رۆژێک بە فەرمی ناساندنی یادکردنەوەی شێخی نەمر یاخود سەرکردەکانی تری نەتەوەییمان دەنگی خۆمان یەک دەخەین و پشتگیری لێدەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا لە بیری هەمووومانە کە سەرۆک مەسعود بارزانی لە دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 چوانترین تابلۆی شێخی نەمری کردە دیاری شاری سلێمانی و بۆ هەمیشە چاو لە سەراکەی بوو کە سیمبولی بەرخودانی شەشی ئەیلولی بە بیر خەڵک دەهێنایەوە.

ئەمەریکا داوای کەنارگیرکردنی ئێران دەکات

ئێران 10 هەزار چەکدار لە عێراق و سوریا جێگیرکردووە

خەبات: زانکۆ جاف

دۆناڵد ترەمپ، سەرکۆماری ئەمریکا، لە سەردانی خۆی لەگەڵ سێرگێئی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی رووسیا، داوای لێ کردووە تا ئێران و سووریا کۆنترۆڵ بکات. لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی رووسیا، بۆ یەکەمجار لە دوای هاتنە سەرکاری ترەمپ، سەردانی ئەمریکای کردووە و هەتا لە کۆشکی سپی، چاوی بە ترامپ کەوت. لەلایەکی دیکە بەڕێوەبەری هەواڵگری نیشتمانی ئەمەریکا ئاشکرای دەکات، ئێران هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و بە هەزاران چەکدارای رەوانەی وڵاتانی عێراق و سووریا و یەمەن کردووە.

پەیوەندی واشنتۆن و مۆسکۆ

دۆناڵد ترەمپ، سەرکۆماری ئەمریکا، لە سەردانی خۆی لەگەڵ سێرگێی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی رووسیا، داوای لێ کردووە تا ئێران و سووریا کۆنترۆڵ بکات. لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی رووسیا، بۆ یەکەمجار لە دوای هاتنە سەرکاری ترەمپ، سەردانی ئەمریکای کردووە و هەتاوی لە کۆشکی سپی، چاوی بە ترامپ کەوت. ئامانجی سەرەکیی لاڤرۆڤ لەو چاوپێکەوتنە، راکێشانی پشتیوانیی ئەمریکا لە گەلاڵەی رووسیا بۆ دانانی ناوچەی سەقامگیرە لە سووریا. ترەمپ لەو چاوپێکەوتنەدا داوای لە سووریا کرد تا دەوڵەتی ئەسەد و هاوپەیمانەکەی واتە ئێران، کۆنترڵ و دەستەمۆ بکات. بەپێی لێدوانی کۆشکی سپی، ئەمریکا لەو چاوپێکەوتنەدا باسی لە پێویستیی هاوکاریی ئەمریکا و رووسیا بۆ چارەسەریی قەیرانی سووریا کردووە و پێداگریشی کردووە کە رووسیا دەبێ رژێمی ئەسەد و هاوپایمانەکەی واتە ئێران، هەروەها نوێنەرەکانی ئێران لە سووریا، کۆنترۆڵ و دەستەمۆ بکات.

ئاسایشی جیهان

لاڤرۆڤ بەر لە سەردانەکەی پێداگری کردبوو کە چاوپێکەوتنی سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا و رووسیا، بۆ چالاکبوونەوەی پەیوەندیی دیپلۆماتیکی نێوانیان، یەکجار گرنگە، چونکە مۆسکۆ و واشنتۆن، کاریگەرییەکی زۆریان لە جێگیر و سەقامگیر بوون و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا هەیە و چاوەڕوان دەکرێت ئەو سەردانانەش ئەو ئامانجانە بپێکن. بڵاوکراوەی پۆلیتیکۆ لەمبارەوە نووسیویەتی کە سەردانی لاڤرۆڤ بۆ ئەمریکا و چاوپێکەوتنی تایبەتی لەگەڵ ترامپ و رێکس تەیلێرسۆن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، دەریخست کە مسکۆ و واشنتۆن، لە ئاراستەی باشبوونی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانیاندا هەنگاو دەنێن.

هەڕەشەکانی ئێران

بەڕێوەبەری هەواڵگری نیشتمانی ئەمەریکا ئاشکرای دەکات، ئێران هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و بە هەزاران چەکدارای رەوانەی وڵاتانی عێراق و سووریا و یەمەن کردووە. تەلەڤزیۆنی دەنگی ئەمەریکا بڵاویکردووەتەوە، دان کۆتس، بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری نیشتمانی، لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ئەنجوومەنی پیرانی وڵاتەکەی، دووپاتیکردووەتەوە، ئێران مەشق و راهێنانی بە زیاتر لە 10هەزار چەکداری ئەفغانی عێراقی و پاکستانی کردووە و دوای چەکدارکردنیشیان رەوانەی سووریا، یەمەن و عێراقی کردوون. هەر لە کۆبوونەوەکەدا، کۆتس باسی لەوەشکردووە، ئێران هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و سەرەڕای ئەوەی رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ شەش وڵاتە زلهێزەکە هەیە، بەڵام تا ئێستاش پارێزگاری لە توانا ناووکییەکانی دەکات. بەڕێوەبەری هەواڵی نیشتمانی ئەمەریکا، ئاماژەی بەوەشکرد، ئێران دوای رێککەوتنی ناوەکی پێویستی بە ساڵێکە بۆ دروستکردنی چەکی ناوەکی، لە کاتێکدا پێش رێککەوتنەکە، تەنها چەند مانگێک بوو. دان کۆتس گوتیشی: ئێران بەردەوام دەڵێت کە پابەندی رێککەوتنی ناوەکی دەبێت، ئەوەش تەنها بۆ ئەوەی سزا نێودەوڵەتییەکانی لەسەر لابچێت. پێشتر جێگری فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران، عەمید حەسەن سەلامی، لە 22ی نیسانی رابردوو رایگەیاندبوو، ئەوان بەردەوام دەبن لە هاوکاریکردنی میشیلیا چەکدارەکانی ناوچەکە و ئەمەش لە ژێر ناوی پشتیوانیکردنی بەرگری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکان، کە ئەوەش وەڵامێک بوو بۆ بانگەشەکانی ئەمەریکا بۆ ئەوەی سوپای پاسداران بخرێتە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە.

سەردانی ترامپ بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

هێربێرت ماکماستر، راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە میانەی بەشداریکردنی لە کۆنفرانسێکی رۆنامەوانی، سەبارەت بە یەکەمین سەردانی دەرەوەی دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ئەم وڵاتە دوا. کۆشکی سپی دە رۆژ بەر لە ئێستا رایگەیاند، کە دۆناڵد ترامپ، لە یەکەمین سەردانی دەرەوەی خۆی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەردانی وڵاتانی سعودیە و ئیسرائیل دەکات و لە درێژەی سەردانەکەی، ترامپ دەچێتە ڤاتیکان و دواتر بەشداری کۆبوونەوەی لووتکەی جی 7لە سیسیلی ئیتالیا دەبێت و دوایین سەردانیشی 25ی مەی دەبێت، کە بە پێی بەرنامەی پێشوەخت دەچێتە برۆکسێل و بەشداری لە کۆبوونەوەی ناتۆ دەکات. ماکماستەر راشیگەیاندووە، ئەم سێ سەردانە سێ ئامانجی سەرەکی هەیە، جەختکردنەوەی لەسەر سەرکردایەتی ئەمریکا لە جیهان، درێژەدان بە پەیوەندی بەهێزی ئەمریکا لەگەڵ سەرانی وڵاتانی جیهان و جیهانی سێیەم، ناردنی پەیامی دۆستایەتی و هاوپەیمانی بۆ دۆستانی ئەمریکا و پێڕەوانی سێ ئایینی گەورەی جیهان.

بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی

راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا جەختیش دەکاتەوە، کە ترامپ دەیەوێ هەموو پێڕەوانی ئایینەکان لە دەوری روانگەیەکی هاوبەش، کە هەمان ئاشتی و پێشکەوتنە، کۆببنەوە. ماکماستر دەشڵێت، ترامپ لەم سەردانەیدا، هاوپەیمانانی عەرەب و مووسڵمانی ئەمریکا، بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی بوێرانە و نوێ لە پیناوی ئاشتی و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی داعش، قاعیدە، ئێران و رژێمی ئەسەد هان دەدات. ئەو جەنەڕاڵە ئەمریکییە دەشڵێت، ترامپ لە سەردانەکەی بۆ سعودیە داوا لە سەرانی وڵاتانی موسوڵمان دەکات، کە هەڵوێستێکی توندتر و بەهێزتر لە دژی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی توندڕەوانە بگرنە بەر. ماکماستر جەختیشی کردەوە، کە ئێران، ئەکتەرێکی چالاکە لە

رولێ راگەهاندنێ د لاوازکرنا پەیوەندیێن بەغدا و هەولێرێ دا

ئەمیر تەها هەلوەیی *

راگەهاندن دەستەلاتا چارێ یە، رولەکێ کارا هەیە د دروستکرنا رایا گشتی دا. یاگرنگ وەکی گەلەک بیرمەندا ئاماژە پێدای کو رایا گشتی ژێدەرێ دەستەلاتێ یە. کارێ راگەهاندنێ کارەکێ پیرۆزە ژ ڤەگوهاستنا راستیێ بگرە تاکو پێزانینا ورەوشنبیرکرنێ و دروستکرنا ئارستە یا وپەیوەندێن چڤاکی.. هتد. راگەهاندنێ رۆلەکێ بەرچاڤ گێرایە ژبو دروستکرنا رایا گشتی یا سیاسی وجێکرنا هەلویستێن سیاسی ل عێراقێ، کو رەنگ ڤەدانا هەلویستێ دەزگایێن راگەهاندنێ یە، ژلایێ لایەن وهێزییێن سیاسی ڤە پشتەڤانی بو هاتیە کرن. ئەڤە وێ چەندێ رادگەهینیت کو راگەهاندن ل هەرێمێ وعێراقێ نە یا سەربەخوویە وبێ لایەنە، ودویرە ژ کارێ خو یێ پیشەیی، چونکی ماوەی پترە ژ (10) سالا تەکست ل سەر دروستکرنا قەیران وزێدەکرنا کەرب و کین ونەڤیان وناکوکی دناڤبەرا هەولیر وبەغدا دا کریەوکێشە قۆلتر لێکرینە، نەشیایە چ رایێن گشتی ل سەرانسەری عێراقێ پەیدابکەت وبۆیە هۆکاری تێکدانا بەرژەوەند و پەیوەندیا دناڤبەرا هەردوولا دا، بێگومان "گاز و دەڤەرێن ڤەقەتیایی و بودجە و پیشمەرگەه و ماددی 140 بابەتێن سەرەکی و قەلوبوینە بو راگەهاندنا عێراق وکوردستانێ. بو شارەزایێن راگەهاندنێ دهێتە خویاکرن کو راگەهاندن ئیک ژ ئەگەرێن بنەرەتیە بو تێکدانا پەیوەندیا دناڤبەرا هەولێر و بەغدا دا و رۆلەکێ نیگەتیڤ گێرایەوبشیوەکێ پیشەیی وبابەتی و پروفیشنالە رامالین دگەل رویدان و پێشهاتێن سیاسی وئەمنی وئابووری وچڤاکی نەهاتیە کرن، ول هەردوو جها راگەهاندن ئالیگر بویە ونوینەراتیا مەرجەعیەتیێن خو بوینە یێن سیاسی وحکومی. ویادیار بو چ ئیرادە نە بویە و هەر دەسپێکی خو رادەستی کەس وپارتێن سیاسی کریە، ودیسان راگەهاندنا هەولیر وبەغدا چ ئارستە وبیرو بووجون وهەلوێست ودیتییێن ئێککگرتی وئاشکرا نەبووینە دەربارەی کیشێێن جەوهەری وبنەرەتی د ناڤبەرا بەغدا و هەولیری دا. بەهەمی رێکا هەولدایە دیمەنییێن سیاسی وئابووری وئەمنی وچڤاکی ل دەڤ جەماوەری شیلی بکەن و هەستی وان ئازراندیە ووهەلویستی وان راکێشایە بو وێ چەندێ کو بگۆنجیت دگەل وان هێزییێن سیاسی ئەوییێن دەزگاییێن راگەهاند دروستکرین و ل ژێر دەستەلاتا وان کاردکەن. نمونە راگەهاندنا بەغدا ئەوییێن هێز وپارتییێن سیاسی عەرەبی پشتەڤنیا وان دکەن رایا گشتی وەسا دروستکریە کو هەرێما کوردستانێ ئیسرائیلا دوویێ یە وهۆکارەکێ لاواز ودابەشکرنا عێراقی یە وهاریکاریا دەولەتێن دراوسێ کریە کو ماتیکرنی د عێراقی دا بکەن، دیسان کاردکەن بو سەرخەبوونێ، بەرانبەر ڤی چەندێ راگەهاندی لجەم خەلکی ئەو رای بووچون وهەلویست دروستکرینە کو هەرێما کوردستانێ ماڤی فروتنا گازێ وهێزەکا لەشکەری سەربەخو هەیە وبهیچ رەنگا بەغدا ماتیکرنێ دهەرێما کوردستانێ دا ژی نە کە ت.... هتد. وەسا دهێتە دیتن کوچاوا دابرین دناڤبەرا پەیوەندێن بەغدا وهەولیرێ دا پەیدابوینە هەمان ڤەقەتیان ودابرین دناڤبەرا هەردوو راگەهاندنا ژی پەیدابوویە. دیسان زمان ئیک ئەگەرێن ڤی دابرینێ بویە، هەتا نوکە هەژمارەکا کێم پەیامنێر وکەنالێن عەرەبی ل کوردستانێ کاری دکەن، هەروەسا پەیامنێر وکەنالێن کوردی زور دکێمن ل بەغدا و پارێزگەه هێن دیێن عێراقی ودبیتە ئەگەری هندی پەیاما هەردوو لایەنێن راگەهاندنێ سنورداركرینە و ب دروستایی ناگەهیتە وەرگرێ هەولیرێ وبەغدا، پتر تێکنەگەهشتن دروستکریە وئەگەر گوتارا عەرەبی و کوردی یا ڤەکربیت ژی زمانی نەهێلایە پەیام ببشیوەکێ رستگۆیی بگەهیتە لایەنێ بەرانبەر.

ب شیوەکێ گشتی راگەهاندا عەرەبی دەربرینی رای وبووچونا هێز وپارتێن سیاسی ییێن عەرەبی دکەت ل بەغدا وئەگەر هەلویستێ وان لایەنا دگەل هەرێما کوردستانی د ئاستەکێ باش دا بیت وێ گاڤێ هەلویستێ راگەهاندێ بەرانبەری هەرێمێ نەرماتی وپوزەتیڤ بخوڤە دبینیت، ودهەمان دەم دا، ئەگەر پەیوەندییێن نەباش هەبن بەروڤاژیا ڤی چەندێ دێ هێتە پەیرەوکرن. ژبەر کو راگەهاندن نەپروفیشنالی کارکریە وبویە هوکاری نەباوەریێ، رایا گشتی لسەر هندەک بابەتێن هزری ئازراندینە وتێکدانی و نەڤیانی و گوتگوتک وراستی تیکەلی ئیک کرینە. وراگەهاندن یا بویە ئامرازەکێ توندوتیژیێ ومەترسیێ د دەستی هێزێن سیاسی دا. راگەهاندنا کوردستانی و عێراقا عەرەبی چ پرۆژێێن راگەهاندنا سەربەخو و تایبەت یێن دروست نینن، کونترولا نافەروکا راگەهاندێ یا هاتیە کرن و چ پێنەڤێت راستگۆیی ژ دەست دایە.

*** سەروکی کومەلا ئەکادیمیێن زانستێن سیاسی**